www.kurdistannet.org

سەرنجیك لە مەر نووسینەكەی بەریـز ریبوار عارف

بەریـــز ریبوار عـارف سكرتیری فیدراسونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراق لە ریكەوتی ٢٠٠٢/٥/١٦ ووتاریكی بەناو ( لە پـەراویزی یاداشـتەكەی كۆمـیتەی بەگرخسـتنی هەولـەكان بـۆ دادگـایی كـردنی تاوانـبار نـزار خـەزرەجی ) كـە رەوانـەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا و یەكیتی ئەوروپا كرابوو، لە سەر ماڵپەری كوردستان نـیـت بلاوكردەوە.
بەریـزیان لە سەرەتای نووسینەكەیاندا باس لە هەوڵە كانی خۆیان دەكەن بۆ كوكردنەوەی بەڵگەنامە وەهەروەها پاڵپشتی كـردنی زیاتـر لە ٦٠ حـیزب و ریكخـراو بـۆ دادگایكـردنی تاوانـبار خـەزرەجی. هەڵبەت هەوڵەكانی ئەم بەریزە ئەركیكی مروڤـایەتی پـیرۆزە و چـاوەروانكـراوە لە هـەموو مـرۆڤ دۆسـتیك نـەخوازەلا یەكـیكی وەك بەریـزیان كـە لـیپرسراوی ئورگانـیكی مرۆڤـایەتیە. لەم رووەوە وەك مروڤـیك دەستخوشـی و هاوسـەنگەری بەریـزیانم. بـەلام چـەند تیـبی نیەكم دەربارەی ئەو نووسراوەی بەریزیان هـەیە. لیــرەدا بەكورتی دەیخـــەمـــە روو.
بەرێـزیان دەسـتیان بـــۆ رۆڵـی وولاتـە یەكگـرتووەكان دریـژ كـردووە لە پـاش جـەنگی جیهانی دوو هەمەوە تا ئەمرۆ، وە كۆمـەڵی لایەنـیان لە سیاسـەتی وولاتەیەكگـرتووەكان خستووەتە روو كە بۆ هـەموو كەسیك ئاشكرایە ئەگەر تەنها گوی لە دەنگوباسـی ئیسـتگە جیهانـیكان گرتبی، هـەڵبەت ئەوزانیاریانە زیاتر لە كەوتنی سیووەكەی نیوتن دەچیت، ئەوەی كە كۆڵە خویندەواریەكـیـشی هەبیَ ئەوا ئەو دەرسەی ئەزبەرە. بۆیە ئەمرۆ بەداخەوە ئەوە بە ئیكتشاف لە قەڵەم نادریت.

ئەمـەریكا وەك هـەموو وولاتـیكی دی پـر بـەدەم هاواردەكـا بـەرژەوەندی نەتەوایـەتی وولاتی خوی لە سەرووی هـەموو شـتیكەوەیە. وەلە وەدەچـی ئـەوە یاسـایەكی سروشتیبی، ئەگەرنا روسیا بو ئەمرۆ بەرگری لە رژیــمی عیراق دەكا !!!! یـان سوڤـیتی خـودا لـیـخوش بـوو بـۆ ئەوگانستانی گەیاند بەئەمرۆ، مەگەر بەزمی ئـەوگانستان ئەوان دایان نەمەزران ؟؟ وە نموونـە لەوبـارەوە زۆرن وە پیویسـت ناكـا سـەری خوینـەری پیوە بئیشینم. ئەوەدەستەیە ئەو بەرژەوەندیانە لای ئاشكرایەو لەسـەر ئـەو بـناغەیەش دەجوولـیتەوە. ئـەو یاداشـتە بەشـیكە لەو هەولانـەی كــە دەدرێـت بـۆ راوەسـتان بـەرووی ئەوسیاسـەتەی كـە لەوانەیـە وولاتەیەكگـرتووەكان بەنیازی بەرپاكردنی بیَ لە عیراقدا ئــەویش بەكارهـینـانی ئـەنفالچی و چـــەكـــمـــەرەش.
بەریـز ریـبوار عـارف تـەنها دەسـتی بـۆ ئەوپـەرەگرافە دریـژ كـردبوو كە دەیەوی یەك لایەنی دەقەكە نیشانی خوینەر بـدات، بـەلام دەبووایـە دەسـت بۆ ئەوپەرەگرافەش دریژ بكات كە كۆتایی بە یاداشتەكە دەهینی و من پیم وایە كە كاكڵی یاداشـتەكە لەویدایـە كـە دەڵـی (هـەڵـبەت ئـەوەش بەكەسـیكی وەك نـەزار خـەزرەجی نایەتـەدی، گـۆش كـراوە و پـەروەردەی ژیردەستی دیكتاتۆری...............) ئـەم پەرەگرافە ئەوە زەق دەخاتە روو كە ئەگەرەكانی بەكارهینانی خـەزرەجی لائـیـمە ئاشـكرایە. بۆیـە لە یادیاشـتەكەدا بەراشـكاوی دەسـت بـۆ تاوانەكانی خـەزرەجی دریـژ دەكەین. لە هەمان كاتدا یاداشتەكە شیوەیەكی گـلەیی بەخۆیەوە دەبینی كە دەست بۆ ئـەوە دریـژ دەكات كە وولاتەیەكگرتووەكان كۆمـەڵی درووشمی بەزكردووەتەوە وە بـەپیـچـەوانەی ئـەودووروشـمـانە لەوانەیە بەنیازی بەكارهینانی تاوانباریكی وابی لە دیاریكردنی چارەنووسی عیراقی داهاتودا.

بـەریـز عارف دەڵی: (خستنە روو یاداشتنامەیەكی لەم چەشنەی كەلیواو لیو پیاهەڵدان و ستایشكردنی ئـەم حكـوومەتانەیە بـەر لە هـەر شـتیك نیشـان دانـی چراسـەوزی دڵسـوزی و وەفـاداری ئـەو لایەنانەیە بۆ سیاسیەتەكانی ئەم حكومەتانە لە ناوچەكـەدا)، لە وە دەچیت بەریزیان تەنها ئەوەندە لە دەقەكە دەبینن كە خۆیان دەیانەوی ببینن، باقی دەقەكە گرنكَ

www.kurdistannet.org

نیە. ئەودەقە سیاسەتی کەسی پەسەند نەکردووە وە سیاسەتی کەسیشی رەت نەکردووەتەوە، تەنها داواکاریەکی خستووەتە رووی ئەو لا یەنانەی کە بۆی نێردراوە ئەویش ئەوەیە کە تاوانبار نزار خەزرەجی شایەستەی ئەوەنیە کە هیچ رۆڵیکی پێ بسپێردریت لە گۆرانکاریەکانی عیراق یالە داهاتوویدا، وە ئەمە رەرتکردنەوەی سیاسەتی بەکارهینانی ئەنفالچی و کوردکوژە لە دیاریکردنی داهاتووی عیراقدا.

هەڵبەت دروست بوونی دەستەی خستنەگری هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار خەزرەجی لە ئەنجامی ئەوەدا بوو کە هەردوو پارتە سەرەکیەکەی کوردستانی باشوور خۆیان نەکرد بە خاوەنی ئەومەسەلەیە و بەپیچەوانەی خواستی خەڵکی کورد ئەوئەرکە میژوویەیان نەگرتە ئەستۆی خۆیان بەوەی کە پاڵپشتی دادگاییەکی وابکەن کە بۆ یەکەم جار کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە لە چاوچیوەیەکی یاسایی لە وولاتیکی بێلایەنی وەک دانمارک دەخریتە ژیرپشکنین. هەڵویستی پوزەتیڤانەی پارتەکان بەرانبەر ئەوتاوانبارە بەشیوەیەکی ئاشکرا جیگەی سەرسورمانی دوستانی کورد بوو لەوولاتی دانمارک و هەموو جیهان. ئەم هەڵویستە و چۆلی گورەپانەکە وایکرد کە ١٣ کەس لە کۆتایی ئوکتوبەری ٢٠٠١ دەستەیەک دروست بکەن.

دەستەیەک کە شیل گیرانە تا ئەمرۆ بە خەباتی ئەندامانی و خەڵکی دڵسوزی وەک ئیوە سەدان دوکیومینتیان داوە بە دەزگا لیپرسراوەکانی دانمارک و دەیان شاهیدیان بەرەو رووی دەزگا لیپرسراوەکانی دانمارک کردووتەوە. جگە لە دەیان نامە بۆئەدامانی پەرلەمان و دانشتن لە گەڵیاندا. گروپیک کە هیچ دەستیکی یارمەتی بۆ دریژ نەکراو لە هیچ لایەنیکەوە. جگە لە یارمەتی کەمی چەند کوردپەروەریک لە دانمارک وە هەروەها چەند کۆمەڵەیەکی کوردی لە نەروێج و لە ئوستورالیا. گروپیکی وا تواناکانی سنووردارە و جگە لەوە زۆر جاریش هەوڵدەدریت دەست بخریتە کارەکانیەوە. سەرەرای ئەوەش ریزدار عارف تاوانبارمان دەکات کە شرەخۆر بین و دەڵیت ( لەسایەی رەحمەتی ئەوان دەکریت ئیوەش پشکیتان پی ببریت) بە راستی جیگەی داخە رووشن فکریکی وەک بەریزیان بۆچوونیکی وای هەبی، خۆ بەریزیان ئاگاداری زەحمەتی ئەوکارەن وەک ئاماژەمان پیدا. بەلام حەزدەکەم راستیەک بۆ بەریز عارف روونکەمەوە، کە ئەوانەی لەو گروپەکاردەکەن لە دانمارک بریکی باشیان دایکیان لە ئەشکەوتەکانی کوردستان ناویکی بریبون بۆیە چاروانی شوربای کەس ناکەن، وەشاباشی کەسیشیان ناوی. زۆریک هەن حەزدەکەن کاربکەن وەک سەربازی وون، بۆیە تاقەتی میدیای هاوچەژخیان نیەو وە کیلومەتریک لە دووری میکرۆفۆنی پاڵتۆڵک و، یا دووربینی کامیراکان، یان فلاشی فۆتۆگرافەکان دادەنیشن.

ریزدار عارف لە نووسینەکەیدا وەک بلی داوا لە ئۆرگانیکی وەک دەستەی بەگرخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار خەزرەجی بکا کەبچێ بەگژ هەموو رۆژئاواو ئەمریکادا!!! وەک بلی ئەوکارەی کە دوو زل هیزی وەک سۆڤیتی رەحمەتی لە گەڵ چین دا بۆیان نەکرا ئەمرۆ گروپیکی کوردی بیکەن !!!!! کورد دەڵی بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی نەهاویشتنیە، بۆیە ئەوگروپە بەقەدەر توانای خۆی کاردەکا. وە پیشمان وایە دۆزی ئیمە پیویستی بە دۆستە نەک دروستکردنی دوژمن.

ئەگەر بەریز عارف ناتەبایی هەبی لە گەڵ کۆمەڵەیەک کە کاتی خوی تەشهیرو جنوشیان پیداوە .....وەک خوی دەڵی. وە ئەونووسینەش وەلامیک بیت بۆ ئەوان دەبوایە لە هەلوومەرجیکی دیدا کە پەیوەندی راستەوخوی بەو کەسانەوە یا ئەو لایەنانەوە هەبووایە تاوتووی لە گەڵدا بکردنایە. یاخود ئەگەر پەیوەندیەکی تەلەفونی یا بەشیوەیەکی دی لە گەڵدا ئەنجامدراوە دەبوایە بەهەمان شیوە وەلام بداتەوە.

www.kurdistannet.org

هـیوادارم هـەموو کـورد لە سـەر یەک بابەت کـۆکبین ئەوییش ئەنفال و هەڵبجە یە کە گەورەترین تراژیدیای قرکردن و رەشـەکوژیە لە هولوکوسـتی جولەکە بەدواوە لە پەنجا ساڵی رابردوودا. ئـەمرۆ ئـیێمەی کورد سومپاتی (پاڵپشتی) خـەڵکی ئەورووپـامان هەیـە بـا بتوانـین بـیـقـۆزینەوە. بـۆیە هـەموو ئـۆرگانە بێلایەنە کوردیەکان لە هەندەران دەبی زمانی هاوبەش دروسـتبکەن، ریـزەکانـیـان یەکخـەین تا کاریگەریـان زیادبێ لەسەر رووداوەکان لە داهاتوودا بەتایبەت داواکاری دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە.

لە کوتـایدا دەمـەوی بڵـیم نـاردنی ئـەو یاداشـتە پیویسـت بوو وە من بەلاخۆمەوە داوا دەکەم لە هەموو کۆمەڵ و ئورگانە کـوردی و عیراقـیەکان کـە نامـەی لەوچەشـنە رەوانـی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمـەریکا و دانمـارک بـکــەن، وە بەتایبەتی وەزارەتـی دەرەوەی دانمـارک کاتـیـک کــە سەرۆکایەتی بازاری ئەوروپا بەدەست دەگریێت لە مانگی حـەوتی ئـەم ساڵ بـە دواوە بــۆ مـاوەی شـەش مـانگ. دەست بۆ تاوانەکانی خەزرەجی دریژ بکەن و داوای دادگایی بەرپرسیارانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بکەن.

دڵـشـاد کـــەریـم
دانــمارک ٢٠٠٢/٦/٢١
Dilshad@kurdi.dk